## هۆنراوە بۆ منداڵان

# ئافەرین

## کۆمەڵێك هۆنراوەی پەروەردەییە

عەلی حەمەرەشید بەرزنجی

سلێمانی

چاپی دووەم

ناوی نووسەر: عەلی حەمە رە شید بەرزنجی
ناوی کتێب: ئافەرین
بابەت : هۆنراوە
ئۆفسێت و کۆمپیوتەری: پەیڤ
نۆبەی چاپ: دووەم
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن (٢٨٧) / ٢٠٠٠
مافی چاپ پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێشکەش بێت بە:

* ئەو مامۆستایەی یەکەم پیتی فێرکردم.
* هەموو منداڵانی کوردستان.
* جگەر گۆشەکانم چاوان و باوان ولێوان.

# وتەیەك

وردیلەکان... منداڵە خۆشەویستەکان

وا ئەم جارەش دوای نامیلکەی ( فڕفڕۆکە) ساڵی ١٩٩٥ و نامیلکەی (خەندەی ئاوات )ساڵی ١٩٩٧ ئەم هۆنراوانە دەکەمە دیاری بۆ ئێوەی ئازیز کە زۆریان لەفڕفڕۆکەو خەندەی ئاوات و ئەو گۆڤارانەی کە بۆ ئێوەی جوان دەردەچن بڵاوکراونەوە هەندێکیشیان تازەن .


دەزانم کە ئافەرین ئەو وشە قەشەنگ و ناسکەیە کە دڵی ئێوەی بچکۆلەی پێ شادمان دەبێت هەر بە ناوهێنانی خۆشی و پێکەنین دەبێتە میوانتان. منیش ئەم نامیلکەیەم ناو ناوە ئافەرین بەو هیوایەی بە خوێندنەوەی دڵشادو سوودمەندبن و هەمیشەش ئافەرینی دایەو بابەو مامۆستاکانیش وەربگرن.

هەر شادو بەختەوەر بن.....

عەلی حەمە رەشید بەرزنجی

سلێمانی ٢٠٠٠/٩/٤

# منداڵ و هیوا



منـــــــــداڵەکان
وردیلـــــــەکان
دڵ ناسکە نەشمیلـــــەکان
ئێوەی خونچـــە ئاوازێکن
بۆ سرووودی هـەمـەرەنگن
بۆ شانۆگــــــەری ژیانیش
هەڵسوڕێنەری ئــــاهەنگن

★ ★

شەماڵێکن فێنك و خـــۆش
خەم ڕەوێن و شـیرین شنە
لە پاشەڕۆژدا بـــۆ زامـــــی
ئەم نیشتمانە مـــەزنــــە

★ ★



هیوایەکن بەرزو پیرۆز
پڕ لەشادی و کامەرانی
بەهرەدارن
پڕ لە بەستە و
شیعرو مۆسیقاو گۆرانی

★ ★

نەمامێکن
بتانەوێ ونەتانەوێ
باخی ژیان دەنەخشێنن
بڕوایەکن
لە ئێستاوە بوونی خۆتان
دەسەلمێنن

★ ★

چرایەکن
مامۆستاکان دەیانەوێ
دابگیرسێن



هێندە گەش و پرشنگداربن
نەکوژێنەوە چاك بسوتێن

★ ★

تـــــا ئاسمانـــى مێشكى پاكتان
بە ووشەی جوان جوان پاراو کەن
دە ســـــا ئـــێــــــــوەش
فریشتـــــــەی بیر بخـــەنەکـار
خــــۆتـــــان تــــاو دەن

★ ★

هــــــەتــــا ئاسۆی دوارۆژیشتان
وەك ئـــەستێرەی هیوا گەش بێ
لــــــە دۆزەخــــــى نەزانین دا
گولاڵەی ژینتـــــــان بێ بەش بێ

١٩٨٤/١١/٧

# دادە

ئـــــەی دادە شـیرینـــەکـەم

هاندەری هیواو خـــۆزگـەم

تۆ بۆ ئێمەی وەك خـونچە

تیشکی خۆری لـــە باخچە

بە خۆشەویستی و ســۆزت

بە کــــــاری زۆر پیرۆزت

شتی جوانمـــان فێر دەکەی

هۆش و بیرمـان تێر دەکەی

تــــــا ئێمـــــەی بچکۆلانە

لە ماڵ و قــــــوتابخـــــانە

گورج و گۆڵ و چـالاك بین

ڕوو لە ئاسۆی ڕوونــاك بین



١٩٩٨/٧/١٩


# باخچەکەم



باخچەکەم سەیرانگـایە
لام خۆشترین جێگـــــایە
پڕ یاری جۆراوجـــــۆرە
یاری دەکەین بـــــە نۆرە
دادەکان زۆر ڕووخـۆشن
بۆ خۆشیم بە پەرۆشـن
هەتـــــا بڵێی دڵسـۆزن
خۆشەویست و بە سۆزن
ڕێزی ئـــــەوانم لایـــــە
خۆشم دەوێن وەك دایە

٢٣ /٧/١٩٩٨

# جانتا



جانتاکەم ئەی جانتاکەم
جێی هاوڕێ بێ هاوتاکەم
تۆم خۆش دەوێت تا مـاوم
دەتپارێزم وەك چـــــاوم
چونکە لـــــە پیسی و دڕان
لە بردن و لـــــە بـــاران
هاوڕێی گیـانی بە گیـانیم
هۆی خۆشی و کامـــەرانیم
پـــــەرتووکی پڕ واتاو جوان
دەپارێزی جـــــانتا گیــان

١٩٨٤/١١/٦

# ئامۆژگاری(1)


ڕاست دەڕۆم ڕاستی دەڵێم
وتەی جوان دەگرمە گوێم
لــە چەوتی و درۆ دوورم
لەسەر قسەیخۆم سوورم
ئامۆژگاری ، مـــــامۆستام
گوڵێك بوو لەیەخەی دام
خۆشە بـــۆنی ئەو گوڵە
هۆی حــــــەوانەوەی دڵە
تۆش بۆ ئەم گوڵە جوانە
وەرە بـــۆ قـوتـــابخانـــە

١٩٨٥/٦/٨

(1) ئەم هۆنراوەیە کراوەیە بەگۆرانی .ئـاوازی: سـالارعەبدوڵلا.
وتـنـی : ئەرین عوسمان


# بەبە گیان

بـــەبـــە گیان بەبەی خرپن
وەرە بـــــۆ بـــاوەشـــی من
وەرە ببـــە بـــــە هـــاورێم
بـــــا گـــــۆرانیت بۆ بڵێم
دەی چـــەچـــەکانت بێنە
بڵێ هـــەڵم پـــەرێنـــە
بــــۆ گـــۆرانی خۆشی مـــن
ئــــەی بەبەی جوان و خرپن
تۆ پێکــــەنین و قــاقـــا
لێدە وەکــــو مـــۆسیـقا
یاری دەکەین مــــن و تـــۆ
یاری خۆش و لـــــەسـەرخۆ
کە هیلاك بووی بەبەی جوان
بـچۆ بـــۆ لای دایـــە گیان
بــــا ئەویش بـــەپێکەنین
پێمـــــان بڵێ ئـــافـــەرین



١٩٩٦


# بووکی من[1]



هەی هەی لەو بووکی منە
چـــەندە جوان و خرپنە
تۆ ســــــەیری قژی خاوە
بە شـــــانە دام هێنـــاوە
لە سەر شانی وەستـــــاوە
تـــەسریحــــەم بۆ لێداوە
گۆرانی خـــــۆش دەزانم
بۆی دەڵێم تـــــا دەتوانم
من لە گەڵ بووکـــە خانم
هیلاك بوونیش نـــــازانم
کاتێك شت دەنــــووسمەوە
نـــایەتە لای دەسمــــەوە

(1)کراوە بەگۆرانی وتنی (شانیا سامان).


قەت هارو هاجی نـــــاکـــــات
نـــووسینـــم لێ تێك نـــادات
ئەویش وەکــــــو خۆم وایــە
گوێـــڕایــــــەڵ و وریـــایــە




# تێكۆشان

چـــــاوان چـــەندە وریـــایە
گـــــورج و گۆڵ و ئـــــــازایە
ڕۆژێك لــــــەكـــــاتی دەرسا
بۆ سەر تەختەی ڕەش هـەڵسا
وتـــی فـــەرموو مامـــۆستا
چی بنـــووسم بۆت ئێســـتا
مـــامۆستاش وتـــی چـــاوان
بنووسە کـــە تێکـــۆشـــــان
پیشـــــەی قوتـــابی ژیـــرە
ســــەرچـــاوەی هۆش و بیرە

# پشـــە



پشــــە پشـــە دەی خێـــرا
بـــرۆ نـــــــەمێنیت لێرا
مـــــن ئێسقانم بـــۆ هێناى
لەِ گەڵ چێشت و نـان و چاى



کەچی دوێنێ لـــــە حەوشە
کۆترە سپیت خـــــوارد پشە
ئای ئـــای چەند بێ پەیمانی
مـــــانـــــــای هاورێ نازانی
برۆ دەی دەی ئـــاش و ماش
ئـــــەی ناشیرینەی دان شاش

١٩٨٨




# دایکم

دایکم خۆشەویستمـــە
سۆزی ئەو پێویستـــمە
دڵسوزو میهرەبـــــانە
تیشکی خۆری ژیـــانە


★ ★ ★

باوەشی گەرمی دایـــە
بێ وێنەو بێ هاوتـــایە
دەنگە بە سۆزەکەیشی
خۆشترین مۆســـیقایە




١٩٩٦/٤/٢٠

# تۆپ



تۆپە جوان و خڕەکە
وەرە بۆ لام فڕەکە
وا بە دڵ خۆشی یەوە
نووسینەم نووسی یەوە
وەرە بۆ لام تا زووە
وا نۆرەی تۆ هاتووە
چیە بۆچی ناجووڵێی
لەوساکەوە هەر لەوێی
وا من هاتم بۆ لای تۆ
یاریت پێ دەکەم مەڕۆ
تەپ تەپ تۆپ تۆپێنە
وەرزشەو لەش جووڵێنە
چەند خۆشە لەدوای کۆشش
یاری ، تۆپ تۆپێن، وەرزش

# کیژێکم



کــــیژێکی بچکـــۆلانـــەم
ڕووخۆش و خنجیلانــەم
ئازاو زیرەك و جــوانــم
سوورە گوڵی ژیـــانـــم
تـــــەمەنیشم دە ســاڵە
ئێسك ســــــــووکم لە ماڵآ
گوێڕایـــەڵم زۆر وریــام
لە قوتابخانەش هــەر وام
ئەمساڵیش هەرووەکــو پار
دڵی من شادەو بەختـــیار
وەکو چۆن دابووم بڕیــار
وا دەرچوم بۆ پۆلی چـوار
بەڵێن بێ لــەوێش وابــم
ئازاو خاوەن خـــولیا بم

/١٩٨٦/٧

# هاوڕێی قوتابی

مندا ڵم خـــونچـــەی گوڵم
وەك گـــوڵ نـــاسكـــە دڵم
قـــوتـــابی یـــەكی ئـــازام
لـــــەزیرەكیـــم دڵنیـــام
هاوڕێی منـــی ئێسك ســووك
پێنووسە لە گەڵ پەرتـــووك
تەواو خۆشـــەویستـــمـــن
پڕ مـــەبەست و ویستمـــن
بێ ئـــەوان هیـــچ نـــازانم
ون دەكـــەم ڕێی ژیـــانـــم
هاوڕێیـــەكـــی دڵســـۆزن
لەگەڵمـــا تێدەكـــۆشـــن

ئـــــافــــەرین هـــــــاوڕێکانم
پێنووس، پەڕتووکـــــی جوانم
بـــــــەڵێنیش بێ تــــــا ماوم
خـــۆشم بوێن وەك چـــاوم

١٩٨٣/١١/٢٠



# ئافەرین

چــەندە خۆشە ئافەرین
دەمـــــانخاتـــە پێكەنین
كــە زیرەك و وریا بین
بە دڵی مــــــامۆستا بین
مامۆستاش هەموو كاتێ
ئافەرینمـــــــان دەداتێ

١٩٩٨

# کۆلارە



کـــــۆلارەکـــــەم هــــەڵداوە

بێ وێنەیە لـــــەم نــــــاوە

سەیری چەند بەرزە لێمــان

باشترە لە هی هـــــەمـــووان

چونکە بە خەتێکی جـــوان

لێم نووسیوە کـــوردستـــــان

١٩٩٨/١٠/٢٠


# ددان





هـــــاورێکانــــم بـــزانن
ددانەکـــانم جـــوانـــن
دەیپارێزم بــــە چـاکی
پێوەی دەنووم بە پـــاکی
بەیانیان لە خەو هەستام
وەك پێی وتــم مامۆستام
کاتێك شۆردم دەم و چاو
ددانیش دەشۆم تـــــەواو
کرێومە فڵچەو دەرمـــان
بـــــەتایبەتی بـــۆ ددان
هەر کاتێکیش شت بخۆم
خێرا دەم و دان دەشـــۆم
شـــتی ڕەق بــــە ددانم
ناشکێنم تــــا بتــــوانم
بۆیە کە پێ دەکــــــەنم
زۆر جـــــوانە دانودەمم

# ئاوات



مـــن مندالْم ئێستاکـــە
دلْم بێ گەردو پـــاکـــە
ئەمسالْ لە پۆلی یەکـــدام
وەك گولْی گـــــەشاوە وام
کاتێك لە پۆلـــدا دەدوێم
مامۆستا خۆشـــی دەوێم
هەمیشە لێو بـــەخەندەم
خەندەم نابڕێ لـــــە دەم
بێ وچان هــــەوڵ دەدەم
تا بە ئـــــــاواتم دەگەم
ئـــاواتم بـــەرزو جوانە
خزمەتی کـــــوردستانە

١٩٨٤/٧/١٤

# هەوڵدان

هـــــەوڵدان هەی هەوڵدان
هـــــەوڵدان پیشـــەمانە
بـــــە هەوڵدان دەگەینە
ئـــەو ئاواتەی هـــەمانە

★ ★ ★

ژیـــانی ڕۆژانـــــەمـــان
هـــــەوڵدانی پێویستـــــە
هـــەر هـــــەوڵدان کلیلی
دەرگای ویست و مەبەستە

١٩٨٥

# كوردستان

ئەی كوردستان ئەی كوردستـــــان
نیشتمانــــــە قەشەنگـــەكـــەم
ئـــــەی ئاوێنەی بـــــالاّ نومای
ئەوینە ڕەنگاو ڕەنگـــــەكـــــەم

★ ★ ★

تــــــۆ بــــۆ ئێمەی بچـــكۆلانە
خۆشترین جێی لـــەم جیهانــــــە
خـــــۆشترین جێ لـــــەم جیهانـە
لای ئێـــمە هـەر كــــــوردستانە

١٩٩٥

# وەرزش

وەرن بـــا كۆشـــش بكـــەین
تـــاو تـــاویش وەرزش بكـــەین
وەرزش بـــۆ لـــەش بەســـوودە
لـــە ژیـــن دەبـــین ئاســـوودە
هـــۆی ســـاغی و تەندروســـتی
لابـــەری خـــاوی و ســـستی
خۆشەویـــستی و هاوكـــاری
وەرزش دەیكـــا بـــە دیـــاری
بـــۆ ئێمـــەی بـــچكۆلەو جـــوان
تـــا دڵ خـــۆش بـــژین هـــەموان



# مریشکە کونج

مریـــــشکە کـــــونج لـــــەو نـــــاوە
جوجەڵـــــــە دەوریـــــــان داوە
جوجەڵـــــەی بـــــچووك بـــــچووك
برســـی بـــن دەڵـــین جـــووك جـــووك
بـــــە کۆمـــــەڵ لـــــە گـــــەڵ دایـــــە
دەڕۆن بـــــــۆ هـــــــەموو لایـــــــە
لای دایکیـــــان دەبـــــن نـــــاڕۆن
لای ئـــــەو پڕپۆڵـــــە دەخـــــۆن
هـــەر کـــەس دەســـتیان بـــۆ بـــەرێت
دایکەکـــــە تێـــــی هەڵدەچـــــێت
ئـــــاوا دەیـــــان پـــــارێزێ
بـــــە هـــــەموو توانـــــاو هێـــــزێ








١٩٩٨

# یەکەمم



ئـــای چـــەند خۆشـــە یەکـــەمم
یەکـــــــــەمی پۆلەکـــــــــەمم
نمــــــرەی بــــــەرزم هێنـــــاوە
کارتەکـــــەم پێـــــی نەخــــشاوە
دڵخـــــــۆش و بەختـــــــەوەرم
وەك تـــــاج وایـــــە بـــــۆ ســـــەرم
بـــــە هـــــەوڵ و کۆشـــــش کـــــردن
یەکـــــــەمیم هێنـــــاوە مـــــــن
هـــەر کـــەس وەکـــو مـــن وابـــێ
لـــــە هەوڵوکۆشـــــــش دابـــــێ
ئازایـــــــــــەو لێهـــــــــاتووە
هەمیـــــــــشە ســـــــــەرکەوتووە

# بەچکە ماسی[1]


بەچکە ماسی ناو ئاوم
بێ ئاو نابینێ چاوم
خوادن ، خواردنەوە ، لانەم
بۆ خۆشی ئەم ژیانەم
گشتی هە ر لە ناو ئاوە
ئاویش رووناکی چاوە
ئەگەر ڕۆژێك لە ناکاو
دابڕێم لە جۆگەو ئاو
گەلێك سەختە ژیانم
ئای کە بێ کەڵکە مانم
جۆگەلەو ڕوبارو ئاو

---

(1) ئەم هۆنراوەیە کراوە بەگۆرانی ئاوازی ئارێز عمر و وتنی شابانو کامەران

خۆشم دەوێن وەکو چاو
ئەی ئێوە منداڵینە
چیتان لە لا شیرینە
ئێوەش هەر وەکو من وان
بۆ خۆشی و شادی ژیان
دەبێ وەکو من وابن
زۆر زیرەك و وریا بن

١٩٨٦/١/٢٤



# خوێندنەوە

خوێندنـــــــــــەوە خولیایـــــــــە
بـــــۆ هــــــەمووان بـــــە بەهایــــــە
ئاســــۆی بـــیر پێـــــی ڕۆشـــــنە
بـــێ ئــــەو ڕونـــــاکیش وونــــــە
چـــــونکە وەکــــو چـــــاو وایـــــە
بــــــۆ مـــــرۆڤ لـــــەم دنیایــــــە
ڕێگایـــــــە بـــــــۆ ســــــەرکەوتن
چـــــرایە بـــــــۆ پێــــــشکەوتن
خوێندنــــــەوە بـــــــۆ هـــــــەمووان
کـــــارێکی پەســـــــەندەو جــــــوان
شـــــیعرو چـــیرۆکی جـــــۆر جــــۆر
زانیــــــاری بـــــــە کــــــەڵك و زۆر
بـــــە خوێندنــــــەوە لـــــــە ژیــــــن
یـــــەك یـــەك هـــەمووی فێـــر دەبـــین

١٩٨٩/٣/١

# فڕفڕۆکە

فڕفڕۆکەکـــــــەم بـــــا دەیجـــــــولێنێ
ئەگـــەر بــا نـــەبێت هـــیچ خـــۆی نــانوێنێ
زۆر کــــــــزو ماتــــــــە ناجولێتــــــــەوە
فڕەیــــــەك چـــــی یـــــە؟ ناخولێتـــــەوە
خۆشـــی مـــن لـــە گـــەڵ هـــاتنی بایـــە
چـــون خولانـــــەوەی کۆتــــایی نایـــــە
منـــــیش هـــــەر وەکــــو فڕفڕۆکەکـــــەم
بـــە بـــای خوێنـــدن و زانـــست کـــار دە کـــەم
هـــــەتا هەڵمـــــژم بـــــۆنی خۆشــــی ژیــــن
هـــاوڕێم بـــن تـــا ســـەر خەنـــدەو پێکـــەنین
گـــوڵی دوا ڕۆژیـــــش بـــــە جـــوان و دیـــاری
دەدەم لـــــە یەخـــــەم بـــــە خوێنـــــدەواری

١٩٨٦/٥/١٦

# هەینی

هەی هـەی ئـەمڕۆ هـەینی یـە
قوتابخانـــەمان نـــی یـــە
دایـــەی شـیرین دایـــە گیـــان
ناچـــمە دەر بــــۆ کــــۆڵان
دەبــــێ ئــــەمڕۆ بمـــــشۆری
جــــل و بــــەرگم بگــــۆڕی
نینـــــۆکم درێــــژ بــــووە
چـــڵك و پیـــسی تـــێ چـــووە
دەبــــێ نینـــــۆکم بکــــەم
دانیـــشم پـــاك و بـــێ خـــەم
چـــونکە بـــۆ ڕۆژی شـــەمە
هەرچـــەندە پـــا ك بم کەمـــە


ماموْســـتا ڕیزمـــان دەكـــات

ســـەیری هـــەمووومان دەكـــات


هەر كەس پاك و خـاوێن بێت

چـەپڵەو باشـــە وەر دەگرێـــت

١٩٩٤/١٢/١٨



# وا نەی سروود



زۆر خۆشـــە ئـــەم وانەیـــە
چـــونکە ســـروودمان هەیـــە
مامۆســـتا هـــات بـــە خێـــر بـــێ
وانـــەی نوێمـــان پـــێ دەڵـــێ
وانـــەی شـــیعرو ســـروودە
هـــەموو دەبـــین ئاســـوودە
لـــەو شـــیعرو ســـروودانە
فێـــر دەبـــین هەرچـــی جوانـــە
چـــی لای هـــەمووان پەســـەندە
کـــام زانیـــاری ســـوودمەندە
خۆشەویـــستی و ڕێـــزو ســـۆز
کـــرداری بـــاش و پـــیرۆز
دیـــاری وانـــەی ســـروودە
بۆیـــە لامـــان بـــە ســـوودە

# وانەی هونەر[1]

کـــــــــه مامۆســـــــتای هونـــــــەر دێ
ئـــــــــای چەنـــــــد دڵمان خـــۆش دەبێ
بــــــه پێنووســــــی ڕەنگـــــاو ڕەنـــــگ
دەکێـــــــشین وێنـــــــەی قەشـــــــەنگ
کــــــام شـــــــت لامـــــان زۆر جوانـــــه
یــــــاخود جێـــــــی ســـــــەرنج دانـــــه
وێنەکـــــــەی دروســــــــت دەکـــــــەین
نیـــــــشان مامۆســـــــتای دەدەیـــــــن
چـــــون ســـــەیری کـــــرد هـــــەر کـــــاتێ
تێبینیمـــــــــــــان دەداتـــــــــــــــێ
تـــــــــا بـــــــۆ وانـــــــەی داهـــــــاتوو
ســـــوود بـــــەخش بـــــێ بـــــۆ هـــــەموو

١٩٩٨/١/١

---

[1] ئاوازی /ئاریان جلال و وتنی دێکان تەها.

# وانەی بیرکاری

= × - * + % -

وا (بیرکاری ) مان هەیە
لام خۆشترین وانەیە
زۆر حەز دەکەم ڕۆژانە
بخوێنم یەك دوو وانە
کە مامۆستا هاتە پۆل
وریاو ئازاو گورج و گۆڵ
دادەنیشم بە چاکی
تیا دەنوێنم چالاکی
من سەرنج دەدەم هێواش
هەتاکو تێ بگەم باش
لە هەرچیەکیش نەگەشتم
لە مامۆستا دەپرسم
وەڵامم دەداتەوە
بۆیشم ڕوون دەکاتەوە
ئەوساکە باش تێ دەگەم
منیش سوپاسی دەکەم

# خەندەی ئاوات[1]

ئەگـــــەر باڵـــداریێك دەبـــووم
بـــۆ هـــەموو لایـــەك دەچـــووم
هەرچـــی بـــاخ و كـــانی یـــە
هـــەر شـــوێنێك پـــڕ جـــوانی یـــە
بـــــە هەموویـــــدا دەگـــــەرام
كـــویْ خـــۆش بـــوو تیـــا دەوەســـتام
گـــۆرانی خـــۆش فێـــر دەبـــووم
لـــە گـــەڕانیش تێـــر دەبـــووم
لـــە دوایـــی دا بـــیْ وەســـتان
دەچـــــووم بۆ لای خۆری جوان

---

(1) ئـەم هۆنراوەیـە ئـاوازی بـۆدانراوە:كـراوە بـەگۆرانی لـەئاوازی سـەلام رەشـیدو وتنـی : كـانی فـەرەدیـدون ، هەروەها ئاوازی عومەر عەبدوڵڵاو وتنی كۆرس.

هــەتــاکو لــە تیشــکی خـــۆی
بـــدات بـــەوەی ویڵـــە بـــۆی
تـــا تاریکـــایی ســـامناك
بکـــات بـــە ڕۆژی ڕونـــاك
ئەوســـا مـــن دەهاتمـــەوە
بـــە خەنـــدەی ئاواتمـــەوە

١٩٨٨/٧/٣١

# ماموستاو قوتابخانه

چـــــەند خۆشـــــە قوتابخانـــــــە
بـــــۆ ئێمـــــــەی بـــــچكۆلانە
خوێندنەوەیــــــــەو نووســــــــین
هـــــەمووی لــــەویٚ فێـــــر دەبـــینٍ
ئێمـــــــەی بــــــچكۆلە لـــــــەویٚ
مامۆســـــــتامان خـــــــۆش دەویٚ
بـــــــــەڕێزو خۆشەویـــــــــستە
ڕێزگرتنـــــــــی پێویـــــــــستە
ئـــــەو ڕێـــــی تـــاریكی ژیـــــان
ڕوون دەكاتـــــــــەوە بۆمـــــــــان
ئـــــــەوەتا وەكـــــــو دیــــــاری
زانیـــــــاریو ئامۆژگــــــــاری
بـــــۆ ئێمـــــــەی بـــــچكۆلانە
پێـــــشكەش دەكــــــات ڕۆژانـــــــە
بۆیــــە ئێمـــــەش هـــــەتا هـــــەین
سوپاســــــی هەســــــتی دەكــــــەین

# مامۆستا

لـــــە مامۆســـــتاوە فێـــــر بـــــووم
یەکـــــەم پیـــــت یەکـــــەم وانـــــە
نـــــەمامی دەســـــتی ئـــــەوم
ڕێـــــزی لـــــە ســـــەر چـــــاوانە

★ ★ ★

مامۆســـــتا وەکـــــو خـــــۆرە
خـــــاوەنی چـــــاکەی زۆرە
دوژمنـــــی تـــــاریکی یـــــە
دەزانـــــێ ســـــوودی نـــــی یـــــە
بۆیـــــە هـــــەر نیـــــشتمانێ
ڕۆڵـــــەی ڕێزیـــــان نـــــەزانێ
هەمیـــــشە دواکـــــەوتووە
تـــــاریکی تیـــــا زاڵ بـــــووە

نــــــــــەزانین و نەخۆشـــــــــی
دووری خـــــستوون لـــــە خۆشـــــی
زانیــــــاریو خوێنـــــــــدەواری
گـــــەل دەخاتـــــە بـــــەختیاری

١٩٩٧/٣/٤



# خولیا

(پـــەروا) چـــەند ئێـــسکی ســـووکە
خنجیلانـــــــەو بـــــــــچووکە
لـــە ئێـــستاوە بـــی بینـــە
خامـــــەی دەســـــتی ڕەنگینـــــە
خولیـــــای وێنـــــە کێـــــشانە
وێنـــــەی پـــــڕ واتــــاو جوانـــــە
(پـــەیڕەو) یـــش وەك پەروایـــــە
ئـــــەمیش خـــــاوەن خولیایـــــە
بـــەلاَم خولیـــای ئـــــەم جیایـــە
ســــــــروودو مۆســــــــیقایە
بۆیـــــە کـــــاتی بـــــێ کـــــاری
لـــــە جیـــــاتی شـــــەڕو یـــــاری
هـــەر یەکـــە بـــۆ خولیـــای خـــۆی
شـــت ئامـــــادە دەکـــــەن بـــۆی
ئـــــاوا پـــــــەرەی پـــــــێ دەدەن
هاوکـــــاری یـــــەکیش دەکـــــەن

# پشە سپی

ئەی پشە سپی چاوەڕەش
وەرە بتگرمە باوەش

★ ★ ★

وەرە خۆتم تێ هەڵسوو
یاری دەکەین بێ پشوو
هەر کاتێکیش هیلاك بووی
لە باوەشما تێر بنوو

★ ★ ★

هاوڕێی منی بچووك بە
دوور لە هاریو چڕنووك بە
خۆشم دەوی پشە گیان
هەمیشە ئێسك سووك بە

★ ★ ★


جـــــــار جـــــــارەش بمیاوێنـــــــــه

مـــــــــــشکەکان بترســـــــــــێنه

لــــــه دوایـــــشدا لــــــه ســـــــەرخۆ

بـــــــۆ لانەکـــــــەی خـــــــۆت بـــــرۆ

١٩٩٨/٩/١١



# بووکە شووشە[1]

بووکـــــە شووشـــــە جوانەکــــــەم
بۆچـــــی مــــــاتی گیانەکــــــەم
پێکەنـــــــــە دەی پێکەنـــــــــە
کـــــــوا بـــــــزەو زەردەخەنـــــە
مــــن گـــــوارەم بـــــۆ کریـــــووی
مـــــل پێـــــچم بـــــۆ چـــــنیووی
قـــــژم رێـــــك داهێنـــــــاوی
لـــــــە باوەشمـــــــا دامنـــــــاوی
جلـــــی جـــــوانم بـــــۆ کـــــردووی
بـــــۆ جـــــەژن بـــــۆم هـــــەلگرتووی
لـــــە گـــــەڵ جلـــــەکانی خـــــۆم
دایکـــــم کریویـــــەتی بـــــۆم

[1] ئەم هۆنراوەیە کراوە بەگۆرانی ئاوازی : سەلام حەمادیو وتنی: سۆما عبدالله.

دە پێکەنـــــــــە بــــــە جـــــــوانی

بـــــــە خۆشــــــی و کامـــــــەرانی

بۆچـــــــی هێنـــــــدە بـــــــە نـــــازی


پێناکـــــــــەنی فێـــــــڵ بـــــــازی

پێکەنـــــــە خێـــــــرا گیانـــــــە

دەڕۆیـــــن بـــــۆ ســـــوار جۆلانـــــە

منـــــــیش گــــــۆرانی دەڵـــــــێم


بـــەس تـــۆ دلگـــیر نـــەبی لـــێم



# گۆڤـــارەکەم

گۆڤارەکـــــــەم دڵگــــــیرە
وەك هاوڕێیـــــەکی ژیــــرە
هێنـــدە زانـــاو بـــێ دەنگـــە
پـــڕ وێنـــەی ڕەنگـــاو ڕەنگـــە
خـــۆ چـــیرۆکی جـــۆر جـــۆرە
پـــــــڕ ئامۆژگـــــاری زۆرە
زانیـــاریو هـــۆنراوەی خـــۆش
دڵ زیـــاتر دێنێتـــــە جـــۆش
بـــە بیـــنین و خوێندنـــەوەی
دڵخۆشـــم دەڵـــێم ئۆخـــەی
دەی ئێـــوەش منـــدا ڵینـــــە
ئـــــەم گۆڤـــارە ڕەنگینـــــە
بکـــەن بـــە هـــاوڕێی خۆتـــان
تـــا ســوود بـــەخش بـــی بۆتـــان
چـــونکە لـــە هـــەموو جـــێ یـــە
دڵســـــۆزتـــرین هـــــاوڕێیە

# مریشکە سوور




**منداڵ:**

ئەی مریشکە سوورەکەم
بۆ هاتوویتە ژوورەکەم
بۆ ئیشی وات کردووە
بەڵێنت شکاندووە
پێم وتی بێ زیان بە
لە حەوشە چاوەڕوان بە

**مریشکە سوور:**




نا بەڵێن نا شکێنم
من خاوەنی بەڵێنم
دوو سێ ڕۆژە ناپرسی
لە منی تینوو و برسی
لێم توڕە دەبی خێرا
دەڵێی چی دەکەی لێرا



بەیانیش لە خەو هەستای
هێلکەت لێم دەوێ هەی های

**منداڵ:**

مریشکە سوور ئەم جارە
ببورە لێم لەم کارە
ڕاستە لە بیرم چووە
تاقیکردنەوەم بووە



وا ئێستاکە پشووە
خوێندنم تەواو بووە
بەڵێن بێ مریشکەکەم
خزمەتی زۆرت بکەم
تۆش هێلکەو جوجەڵەی جوان
بکە بە دیاری بۆمان

١٩٩٨/٧/١٩

# ڕۆڵەی کوردم[1]

ڕۆڵــەی نەبــەردی کــوردم
ئــازاو بــە دەســت و بــردم
پــەروەردەی شــاخ و هــەردم
وەك ئــەوان منــیش مــەردم
ســامان و گیــانم بــۆ چــین
بــۆ فیــدای خــاکی شــیرین
هەمیــــشە تــــێ دەکۆشـــم
بــە هەســت و بــیرو هۆشــم
بــۆ بــەرزی گــەل و خــاکم
کۆڵنـــــــەدەرو چـــــــالاکم
زۆر بـــە تینـــە بـــاوەڕم
بــــۆ زۆر دارەکـــــەم گـــــڕم
بــۆ گەلیــشم وەك چــرام
ڕۆشــن کــەری ڕێــی هیــوام

---

(1) کــراوە بــە گــۆرانی.ئــاواز:هــەژار عوسمــان.وتنــی:کــۆرس ١٩٨٥/٦/١٨

# منداڵ و پشوو

منــــــــدالآن وا پـــــــشووە
خوێنـــــدنمان تـــەواو بـــووە
دڵخۆشـــە ئـــەو منداڵـــەی
بـــۆ پـــۆلی نـــویٚ دەرچـــووە


★ ★

دڵـــــی پـــــڕ ئــــارەزووە
چـــــالاك و لیٚهــــــاتووە
بـــۆ پـــشووی ئـــەم هاوینـــەی
خـــۆی ئامــــادە کـــــردووە

★ ★

ئـــــەوەتا لــــە ئێـــستاوە
بەرنامـــــەی بـــــۆ دانـــــاوە
بۆیــــــە سەرکەوتنیــــــشی
دیــــارە لــــە ســــەرەتاوە

# ئاشتی [1]



ئاشتی ئاواتی گشته
خۆزگەی وردو درشته
ئاشتی هێمای جوانی یە
خۆشترین گۆرانی یە
ئاشتی ئەو سروودەیە
خەڵکی پێی ئاسوودەیە
ئاوازێکی بە جۆشە
لە لای هەمووان خۆشە
دیمەنێکی قەشەنگە
کانگای خۆشی‌و ئاهەنگە
بە سوود ترین بارانە
بۆ ئەم هەوارە جوانە
بە ئاشتی و بە ئازادی
ژین پڕ دەبێت لە شادی

---

(١) ئەم هۆنراوەیە کراوە بەگۆرانی ئاوازی سالار عبدالله وتنی کۆژین، هەروەها ئاوازی عومەر عەبدوڵڵاو وتنی کۆرس.



# باران



وا هــــەموو چـــاوەڕوانین
چــــاوەڕوانی بـــــارانین
زەویــش وشــکەڵ وەســتاوە
دەغــڵ و دان تینــووی ئــاوە
چــی سەرچــاوەو کــانی یــە
کاریـــان چـــاوەڕوانی یـــە
وەســـتاون لــە ڕێـــی بــاران
تـــا زۆر بـــبن وەك جـــاران
چـون بـاران لـە گـشت لایـە
خێــرو خۆشـــی لــە دوایــە
منـــدالّی وردیلــــەو جـــوان
ســـروود دەڵـــێن بـــۆ بـــاران
پێکەوە گشت بە یەك دەنگ
بـــە ئـــاوازێکی قەشـــەنگ

دەیلێنـــەوە بـــێ وەســـتان
((هــــەیاران و مــــــەیاران
یا خــــوا داکـــــاتە باران
بــــۆ فـــەقیرو هـــەژاران

١٩٨٧/١١/٢٧

# پاك و خاوێنی

لـــــه تــــــەوالێت هاتمــــــــه دەر
دەســـت بـــه ســابوون دەشــۆم یەكــسەر
یـــان كـــه ویـــستم خـــواردن بخـــۆم
لـــه پێـــشدا دەڕۆم دەســـــت دەشـــۆم
نینـــــــــۆك قرتانـــــــــدنی زوو زوو
لـــه ماڵـــەوە دەكـــــەم بـــه خـــوو
چـــونكه مەڵبەنـــدی پیـــسی یـــه
سەرچـــاوە بـــۆ نەخۆشـــــی یـــه
حـــەز دەكـــــەم هـــەموو منـــداڵی
لـــه قوتابخانـــــەو لـــــه مـــاڵیّ
لـــه كـــــرداراوەك مــــن وابـــیّ
پـــاك و خـــاوێن و وریـــا بـــیّ

تـــا بـــە دووربـــێ لـــە نەخۆشـــی
فـــــراوان بـــــێ بـــــیرو هۆشـــــی
چـــونکە ئـــەو منداڵـــەی پاکـــە
زیـــــرەك و وریـــــاو چـــــالاکە
لـــــە خوێنـــــدنا ســـــەرکەوتووە
لـــــە ژیانـــــدا پێـــــشکەوتووە



# ئۆخەی[1]

ئۆخــەی ئەمــساڵیش دەرچــووم
نمــرەم بــەرزەو ســەرکەوتووم
هــەر وەکــو زۆربــەی هــاوڕێ
دەرچــووم بــۆ پــۆلێکی نــوێ
ســـــەیری بـــزەو پێکـــەنین
(وەك پەپوولەی باڵ نەخشین)
هـــاتوون بـــوون بـــە میـــوانم
لـــە ســـەر گـــوڵی لێـــوانم
منـــیش بـــە شـــادوومانی
دەڵـــێم شـــیعرو گـــۆرانی

[1] کـراوە بـە گـۆرانی. ئـاوازی : ئاریـان جـلال. وتنـی: جوتیار ئەمین.


دەڵێم هەر کەس کۆشش کات

بـــێ وچـــان هـــەوڵ بـــدات

ئـــــەوە بـــــە بـــــەردەوامی

ســـــــەرکەوتنـــــــە ئەنجامی

١٩٨٧/٦/٢



# گوڵ و منداڵ

ئای له‌و گوڵه‌ چه‌ند ئاڵه‌
وه‌كو ئێمه‌ی مناڵه‌
ئه‌و جێگه‌ی له‌ باخانه‌
ئێمه‌ش له‌ قوتابخانه‌
ئه‌و په‌ڕه‌ی ناسك و جوانه‌
ئێمه‌ش خه‌نده‌ی لێومانه‌
ئه‌و بۆنی گه‌لێك خۆشه‌
دڵان بۆی به‌ په‌رۆشه‌
خۆ ئێمه‌ش هه‌ر وه‌كو گوڵ
بۆمان به‌ په‌رۆشه‌ دڵ
منداڵ و گوڵ وه‌ك یه‌ك وان
له‌ پاشه‌ڕۆژدا هیوان
ده‌م به‌ سوێندو به‌ڵێنن
باخچه‌ی ژین بنه‌خشێنن

١٩٨٨

# قوتابخانە[1]

بابــە گیــان دەڕۆم بــۆ قوتابخانــە
جێـی هێنانـەدی مەبەسـت گـشتمانە
چـون دواڕۆژی ڕوون لـە وێدایـە خـۆ
دەچــم هــەتاکو نــەبم ڕەنجــەڕۆ
دەچـم دەخـوێنم بگـەم بـە مـەرام
دەیدۆزمــەوە لــەوێ ڕێــی هیــوام
لـە سـای سـێبەری مامۆسـتای دڵسۆز
سـروودی شـادی دەڵـێم زۆر بـە سـۆز
قوتابخانەکــەم جــێ نــاهێڵم بــست
دەبمـە هـەڵگری مەشـخەڵی زانــست
تـا ڕۆشـنی کـەم ڕێگـای تـاری ژیـن
خەنـدە بخەمـە سـەر لێـوی بـێ تـین

[1] کراوە بە گۆرانی : ئاوازی : سلام حمادی. وتنی : زانیار جمال

بابـە گیـان  بابـە دەڕۆم هـەر دەڕۆم
بـۆ قوتابخانـەو بـۆ مەبەسـتی خـۆم
تــاکو دوارۆژم لــەوێ کــەم نیــشان
بـۆ خزمـەتی تـۆو گـەل و نیـشتمان

١٩٨٤/١٠/١٠.




# پێرستی هۆنراوەکان


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | منداڵو هیوا | ٥ |
| ٢ | دادە | ٨ |
| ٣ | باخچەکەم | ٩ |
| ٤ | جانتا | ١٠ |
| ٥ | ئامۆژگاری | ١١ |
| ٦ | بەبەگیان | ١٢ |
| ٧ | بووکی من | ١٣ |
| ٨ | تێکۆشان | ١٥ |
| ٩ | پشە | ١٦ |
| ١٠ | دایکم | ١٧ |
| ١١ | تۆپ | ١٨ |
| ١٢ | کیژێکم | ١٩ |
| ١٣ | هاوڕێی قوتابی | ٢٠ |
| ١٤ | ئافەرین | ٢٢ |

| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١٥ | کۆلارە | ٢٣ |
| ١٦ | ددان | ٢٤ |
| ١٧ | ئاوات | ٢٥ |
| ١٨ | هەوڵدان | ٢٦ |
| ١٩ | کوردستان | ٢٧ |
| ٢٠ | وەرزش | ٢٨ |
| ٢١ | مریشکە کونج | ٢٩ |
| ٢٢ | یەکەمم | ٣٠ |
| ٢٣ | بەچکەماسی | ٣١ |
| ٢٤ | خوێندنەوە | ٣٣ |
| ٢٥ | فڕفڕۆکە | ٣٤ |
| ٢٦ | هەینی | ٣٥ |
| ٢٧ | وانەی سروود | ٣٧ |
| ٢٨ | وانەی هونەر | ٣٨ |
| ٢٩ | وانەی بیرکاری | ٣٩ |
| ٣٠ | خەندەی ئاوات | ٤٠ |
| ٣١ | مامۆستاو قوتابخانە | ٤٢ |

| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣٢ | مامۆستا | ٤٣ |
| ٣٣ | خولیا | ٤٥ |
| ٣٤ | پشەسپی | ٤٦ |
| ٣٥ | بووکەشووشە | ٤٨ |
| ٣٦ | گۆڤارەکەم | ٥٠ |
| ٣٧ | مریشکە سوور | ٥١ |
| ٣٨ | رۆڵەی کوردم | ٥٣ |
| ٣٩ | منداڵو پشوو | ٥٤ |
| ٤٠ | ئاشتی | ٥٥ |
| ٤١ | باران | ٥٦ |
| ٤٢ | پاکو خاوێنی | ٥٨ |
| ٤٣ | ئۆخەی | ٦٠ |
| ٤٤ | گوڵو منداڵ | ٦٢ |
| ٤٥ | قوتابخانە | ٦٣ |



## نووسەر لەچەند دێڕێکدا:

★ لەساڵی ١٩٦١ لەشارۆچکەی بەرزنجە لەدایك بووم.

★ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانیم تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨١- ١٩٨٢.

★ لەهەشتاکانەوە هۆنراوە و چیرۆك بۆ منالآن دەنووسم.

★ یەکەم هۆنراوەم لەرۆژنامەی هاوکاریدا بلآوکرادۆتەوە.

★ ئێستا بەبەردەوامی هۆنراوە و چیرۆك بۆ منالآن دەنووسم.

★ دوو نامیلکەی هۆنراوەم بەناوی (فرفرۆکە)و (خەندەی ئاوات) بلآوکردۆتەوە. لەگەڵ کۆمەڵێك چیرۆك بەناوی(دیاری و سەردان) و، نامیلکە هۆنراوەی (ئافەرین).

★کۆمەڵێك هۆنراوەم کراوە بە گۆرانی، لەتەلەفزیۆنەکاندا پەخش دەکرێت .

★ ئێستا مامۆستام لە قوتابخانەی ( ئاری) سەرەتایی .